# ڕەشبینییەکانی دایکم ،
# لە نێوان فەلسەفەکانی (با) و خەتاکانی سەفەردا ...!

***هێمن حمە جزا***

چ .. زەوی ناسێکی بێ هودەیت !
بێ ئەوەی ،
چاوێك بە لیستی درەختە نەهاتووەکانا بخشێنی
بێ ئەوەی ،
لە ئاستەنگییەکانی ئاگر بکۆڵیتەوە !
نەرمە پرسێك لە باران دەکەیت و
دەڵێت :
کەی مینوبوسە ڕووخۆشەکان ،
دەکەونە ڕێ ..؟
لە چ سەرە سەعاتێکدا ( لم ) ،
شیعرێکی پرتەقاڵیمان بۆ ئەخوێنێتەوە ..؟
لە کام شوێندا کچە بێ دەستنوێژەکان ،
تەیەموم بە ماچ دەکەن ..؟
لە چ خیانەتێکەوە ،
دەچینەوە سەر کوخی ئەو کەمانچە ژەنانەی
کە لەودیو مردنەوە لە دایك بوون ..؟
لەکام لاڕێ دا ،
وەفا بە پەککەوتەیی دەبینین ..؟
لە کەیدا ،
گرێی بەختی سەفەر دەکرێتەوە ..؟
دایکە ..
ئەم کێڵگە میراتییە ڕەشبینە
بە پەرداخێك لێوان لێو لە فڕین !
بە دۆنمێك لە ڕەگەزی پێکەنین!

به هەناسەیەك لە توخمی جاویدان !
مەگۆڕەوە ..؟
کە پێت ناکرێ ،
ڕێ لە فەنابوونی ئاو و
ڕێ لە خۆکوشتنی یەقین .. بگری !
ئیدی ،
شەو بەتەنها
داخی دڵی خۆی بۆ شەمشەمەکوێرە
هەڵنارژێ ..
شەقام بەتەنها
نابێتە بچوکترین کورتکراوەی کۆلکەی هاوبەشی
سەفەر ..!
دایکە ..
من پیرۆزترین کوفرم لای خودا
بێ ئەوەی ،
حیکمەتی ئەم دەمامکە مزرانە کەشفکەم
من دەستێکی پڕ دوعام لای بەرسیلەکان
بێ ئەوەی ،
نوشتەی ئەم باخچە گۆشەگیرانە پوچەڵ کەمەوە .
من بەرماڵێکی بێ ئیرادەم لای پیاوە ڕیاکارەکان
بێ ئەوەی ،
فەلسەفەی ئەم بەردە پیرانە بزانم .
من .. زەمەنێکی درێژ ،
درێژ .. بەقەد ڕەقبوونەوەی حەقیقەت !
درێژ .. بەقەد دەسکێشییەکانی گومان !
درێژ .. بەقەد تێڕامانم لە جەمسەرەکانی دۆزەخ !
لە باشووری عەورەتی ( با )م ڕوانی
لە ناوکی سکێچەکانی وەهمدا ،
نوێژی ئەبەدیەتم دابەست .
تاکو .. لە بەردەوامی بپرسم :

ئەریٚ دایکم ،
لە ساڵی چەندەمی شادمانی و
لەچەند گەز لەولا قەدەر و
لە باکوری کام بانیٚژەی سەرو پاشەڕۆژەوە
لە دایك دەبیٚتەوە .. ؟
تاکو چیتر ..
باج لەسەر ( بوون ) دانەنریٚت !!
هەتاو و خودا ،
پیٚکەوە لە تابلۆیەکدا بەشەڕ هاتن ...!
پیٚکەوە لە پەیکەریٚکدا ،
حیکمەتی سیٚبەر و چەقۆیان ،
بە فەیلەسوفەکانی سروشت دۆڕاند !
ڕەنگە ( با ) ..
هیٚشتا ،
لەسەیرکردنی شەڕی ئەو بارانانە نەبوبیٚتەوە
کەلەودیو پە نجەرەکانی عەدەمەوە
بەشەیتانەکانی هزریان دەفرۆشت
وای .. چ خەتایەکی ئیٚسك سوکە !
هەردەڵیٚی :
بەرائەتی لە نەعلی ئەو مناڵە بیٚ قاچانەوە بۆ ماوەتەوە
کە بۆ نوقلاٚنەی ،
گەڕانەوەی قاچەکانیان و
بۆ مژدانەی ،
یارییەکانی پەتپەتیٚن و
خە تخەتیٚن کڕی بویان !
وای ..چ خەتایەکی بەتامە .. وای !!
ئیٚستاکە ،
کۆلاٚنەکەمان هەموو شەویٚك بەدەم خەوەوە
هاوار دەکات و دەڕوات ..
هەرگیز مردنیش ،

بەزاكیرەیدا تێنا پەڕێت .
نەفەلسەفەكانی ( با ) ..،
ماڵەكانیان لێ پڕكردووە لە ترس !
نەڕەشبینییەكانی دایكم ..،
هەموو شەمعەكانیان لێ كوژاندۆتەوە !
نەخەتاكانی سەفەریش ..،
ئەدرەسی ئەو شاڕێیانەیان لەبیر بردۆتەوە ،
كە مردن !
خۆی لەوێندەر ،
لەسەر دیواری مەرقەدەكانا
تێ دەفكری لە یاساكانی یاخی بوون و
قاوەیەكی لە نسیبی خۆكوشتن دەگرتەوە و
گوناهەكانیشی ،
بە مانشێتێكی گەورە دەنووسییەوە !
كە من هاتم ..
تۆ لە وێندەر بویت !
لەوێندەر ..
لەوماڵەی ،
كەلەمێژبوو قفڵێكی بە بارستایی ئەبەدییەت ،
لێ مارە كرابوو !
من .. خۆم كردە خەونێك و
لەناو تۆدا خۆم گێڕایەوە .
من .. بەر لە هاتنم ،
كۆلآنێكی بالآ بەرزبووم
هەموو ( نەء ) و ( ئا )كانم لە خودادا هەڵوەراند و
بەسەر ئیبلیسی چاوڕەشدا ،
دابەشم كرد !!
تۆ .. ئەو كات ،
هێشتا هەرزەكارێك بوویت
چاوت لە ڕۆمانسییەتی ئێوارە دادەگرت ..

چەند موعجیزەیەکی بێ مەنهەجە .. زیندەگی !
عەشق لە تەڕی ماچێك هەڵدەخلیسکێ و
( با ) لە بێ چارەنووسی خۆیا هەڵدەکات و
مەستیش ،
بەشوێن ئەگەرەکانی میهرەبانیا وێڵە ..!
کە من هاتم ،
ڕوت و قوتترین ماڵ بووم !
ماشێنە خۆڵە مێشییەکان فێریان کردم ،
لە نێوان کەنار و دەریادا
لەنێوان بێ دەنگی و جەنگەڵدا
لە نێوان ئاسمان و زەویدا
بۆ ئەبەد ... خۆم بکوژم !!
من .. کە لە وێڕا هاتم ،
لە ڕاستە هێڵێکی کوێر دەچووم ،
بەهیچ چەقێکا
گوزەرم نەکردبوو .
یاخی ..
لەلاتەرییەکانی عاتیفە !
لە چوارگۆشەکانی شەڕ !
لەلاکێشەکانی موحیبەت !
لە بازنەکانی سەفەر !
بەر لە گەیشتنم ،
گیرفانەکانم پڕ کرد لەو منالە جگەرە کێشانەی
کە چەمۆڵەی تەڕییان ... ووشك ئەکردەوە!
چاوەکانم لای ئەو کچە بەحورمەتانە دانا ،
کە بەتەنها بۆ درەختە قەیرەکان نەبێ ...کۆشیان هەڵنادەنەوە !
ڕۆحم لای ئەو کورە ماسۆشیانە جێ هێشت ،
کە باوەڕی موتڵەقی نەورەسەکانیان ...دۆڕاند !
لەسەرە ڕێی هاتنمدا بوو ...،
بەر لە گەیشتنم ،

ئایندەم گڕە بردی و

ڕابردووم بووە سەرابێك و

چارەنووسیشم ،

لە حەسرەت بێکەسی .. خۆی کوشت !!

دایکە ..

من ئەمجارە دێم و

پڕپڕم لە پەنجەرەی حەکیم ..!

پڕپڕم لە دەرگای لوقمان ..!

پڕپڕم لە قەدەری دڵخۆش ..!

ئەمجارە دێم و

پڕپڕم لە کۆڵانی مزر ..!

پڕپڕم لە کاتژمێری بێ دەنگ ..!

پڕپڕم لە ئاوی ئیماندار ..!

ئەمجارە دێم و

پڕپڕم لە شەوی دەستگیراندار ..!

پڕپڕم لە ڕێگای نورانی ..!

پڕپڕم لە ماچی ئەفرێنەر ..!

ئەمجارە دێم و

سلاٚوم ..

فەلسەفەیەکە و

( با ) تیادا هەڵئەکات ..!

ئەمجارەیان دێم و

سلاٚوم ..

سەفارەتێکە و

( سەفەر ) خەتای تیادا ئەکات ..!

دایکە ..

دیوار چەند بێ مانایە ،

لە پشت دەسەلاٚتەکانی گومانەوە !

لەبەر قاقای ئەم زێوانە بێ ئومێدانە ،

بوار نییە .. تەنهایم ڕەنگ بکەم !

کات نی‌یە .. گوێ لە حیکایەتەکانی بەفر بگرم !
ڕێ نی‌یە .. بچم ناو بەردەوامی یەوە و
لەم کورسییە دەرونناسانە بپرسم :
کام فەزاشێدارەتان لە چنگدایە ؟
کە گەرەکت بوو بمریت ،
پرست پێ دەکەن و
کە گەرەکت بوو لە دایك بیت ،
ڕات لێ وەردەگرن .. ؟!
یان ،
کام کیشوەرە نارنجییەتان لەلاخەوتووە ؟
کە سەحرا ،
کوڕی دەبێت لە جنسی بارانەو
کە کچیشی دەبێت لە جنسی پروشەیە ..؟!
ئێ ... ی ... دایکە !
پەڕەسێلکەکانی ئەم دەڤەرە ،
لە دەربەندی شومێتییەوە هەڵیان کردووە و
لەسەر هێڵی پاشەڕۆژی ئەم کۆڵانە نەزۆکەدا هەڵکوڕماون و
لە ناو چەقی قەدەری ئەم کۆڵانە بێ ئەدرەسەدا ،
یاداشتەکانی ئەمارەتی خۆیان نووسیوەتەوە !!
تۆ .. سەیرکە .. سەیر !
ئاورنگ و شەونمیان ،
چۆن خستە ناو جوگرافیای سەرابەوە ..!
هەنارو لیمۆیان ،
چۆن کردە دەرەوەی سنورەکانی بەهەشت ..!
ئەستێرە و قیبلەیان ،
چۆن لەماتماتیکی دۆزەخا یەکسان کرد بەسفر ..!
تۆ .. سەیرکە .. سەیر !
بەرەبەیان و دەمەوئێوارەیان ،
چۆن لەبازنەکانی ڕۆمانسیەتا دەرهێنا ..!
هەناسە و ماچیان ،

چۆن لەبیر مێژووی عەشق بردەوە ..!
سەفەر و مردنیان ،
چۆن بێدەسەڵات کرد لە هاوکێشەکانی بوونما ..!
تۆ .. سەیرکە ..سەیر !
من و تۆیان ،
چۆن بەسەر بچووك بوونەوەی خوداکانا دابەشکرد ..!
چاوەڕوانی و ڕابردوویان ،
چۆن خزانە نێو درزی دیوارەکانی زیندەگییەوە ..!
پیرێتی و مناڵیان ،
چۆن لەیەك کاتا موتوربەکرد لە ناو ڕستەکانی گە نجێتیا ..!
دایکە ..
من چرایەکم و
وڕێنە ڕەشەکانی تۆم ،
لە ڕوناکی خۆشتر دەوێت ..
من عەورەتی شاخێکم و
وڕێنە و قسە هەڵبزڕکاوەکانی ( با )م ،
لە تێڕامان خۆشتر دەوێت ..
من قەدەری ئاوازێکم و
وڕێنە و خەتاکانی سەفەرم ،
لەسەرمەدییەت خۆشتر دەوێت ..
عەشق... لە هەڕەتی تێپەڕبوونیا بوو ،
بەبیرچوونەوەیا ،
تۆ هاتیتە ناوم و
لە تابلۆیەکی بێخەوندا ،
بەوڕێنەیەکی هەتا هەتایی منت نەخشاندو
بەسێ ڕەنگی جیاوازیش .. ڕەنگت کردم !!
بەڕەنگێك لە توخمی ( ڕەشبینی ) ،
لە ڕەگەزی خۆت .. چارەنووست ڕەنگ کردم !
بەڕەنگێك لە توخمی ( با ) ،
لە ڕەگەزی فەلسەفە .. ئایندەت ڕەنگ کردم !

بەڕەنگێك لە تۆخمی (سەفەر) ،
لە ڕەگەزی خەتا .. ڕابردووت ڕەنگ كردم !
تۆ .. بەسەبەتەیەك ،
پڕ لە وڕێنەی باران و
پڕ لە هەوری خڵەفاوەوە
لە ڕۆژهەڵاتی بێ هودەییەوە ،
هاتیتە ناو مرازی نوێژەكانمەوە ..
ئەو نوێژانەی ...
كە دەمویست ،
لم بە لم بگەمەوە بەكەنار
هەناسە بە هەناسە بگەمەوە بەتەم
سوپا بە سوپا بگەمەوە بەمانگ
تیشك بە تیشك بگەمەوە بەڕووناكی
فیشەك بە فیشەك بگەمەوە بەچەخماخە
سێو بە سێو بگەمەوە بەئادەم !!
ئەمجارەیان ..،
لەڕۆژئاوای گریانەوە ،
هاتیتە ناو نیەتی شایەتمانەكانمەوە ..
ئەو شایەتمانانەی ...
كە دەمویست ،
چاو بە چاو بگەڕێمەوە لای دڵنیایی
ماچ بە ماچ بگەڕێمەوە لای عەشق
گۆڕستان بە گۆڕستان بگەڕێمەوە لای نیشتمان
تەرزە بە تەرزە بگەڕێمەوە لای بەرائەت
كۆڵان بە كۆڵان بگەڕێمەوە لای زاكیرە
داوێن بە داوێن بگەڕێمەوە لای حەوا !!
دواجار ..
لە دەرەوەی هەموو جەمسەرەكانەوە
لە ناوكی تەنهاییەوە ،
هاتیتە ناو نیازی خۆكوشتنەكانمەوە ..

ئەو خۆكوشتنانەی ..،
كە دەمویست ،
پایز بە پایز بچمەوە ناو یار
دۆزەخ بە دۆزەخ بچمەوە ناو حەقیقەت
لێو بە لێو بچمەوە ناو میهرەبانی
شەهوەت بە شەهوەت بچمەوە ناو بوون
دڵۆپ بە دڵۆپ بچمەوە ناو زەریا
پێغەمبەر بە پێغەمبەر بچمەوە ناو خودا !!
تۆ ..
بە جوتێك چاوی ڕەش و
دەستێك جلی ڕەش و
كۆڵێك كۆڵانی ڕەشەوە
بەنهێنی لە نێوان ،
ئێوارەی ( با )و غروبی سەفەرا
هاتیت و
بەچپەیەك ... پێت وتم :
ئای .. چ وڕێنەیەكی گەورەیە زیندەگی !!

## " وڕێنەی یەكەم / چارەنووس "

من ..
لاپەڕەیەكی سركی ناو ئەم پەرتوكەی خودام و
دێڕ بە دێڕ ئەهریمەنەكان ئەم خوێننەوە ،
بێ ئەوەی تەجویدم كەن !
من ..
پەرداخێكی پشت كۆمم و
قوم قوم ئەم كچە كورتەبالاّ وەجاخ كوێرانە
دەمشكێنن ..
بێ ئەوەی لە شكستا كۆم كەنەوە !!

من ..
گەلایەکی شەرمنی ڕەنگ زەرد هەڵگەڕاویی
دارچناریکی نەخوێندەوارم ..
کاتێك گەردەلول ،
دەستبازی لەگەڵ عەشیرەتەکەما ئەکات
من یاخی دەبم لە باخچە و
سەحرا گاڵتەی بە تەنهایم دێ و
سەوزایش ..
پشت لە چارەنووسم ئەکا !!

## " وڕێنەی دووەم / ئاینده "

ڕەنگە ،
ڕۆمان نووسەکانی ،
مەملەکەتی حوزن
لە دڕندەترین شەوو
لە دیکتاتۆرترین وەرزدا
ڕەشنووسی ،
خەمەکانی بەردیان نووسی بێت !
ڕەنگە ..
گیتار ژەنەکانی ،
ناو بەلەمە مەشکەییەکەی ئەوین
لە تەڕترین ئاو و
لە لوسترین ئۆقیانووسدا
ئۆپێرای ،
مەرگەساتیان ژەنی بێت !
ڕەنگە ..
نیگار کێشەکانی ،
سەر بە بنەماڵەکانی ڕەنگی ڕەش

له بێئیمان ترین سور و
لەسەر خۆشترین زەردا
سکێچەکانی سەرۆك و
هێڵە وەهمییەکانی خودایان .. نەخشاندبێت !
ڕەنگە ..
لەشکری هیوا ئەنفال کرابێ !
سوپای ئومێد شکستی هێنابێ !
ڕەنگە ..
ئایندەشم ،
لەودیو .. سنورەکانی مەنفاوە
له خاچ درابێ !

## " ورێنەی سێیەم / رابردوو "

سەدەیەك بەر لە ،
لەدایك بوونی حەرف
من .. وا ڕاهاتبووم ،
هەموو جنسەکانی سێبەرم .. خۆش بوێت !
هەموو گیایە هەوەس بازەکانم .. خۆش بوێت !
هەموو فەلەکە تفتەکان و
هەموو ئالآترشەلۆکەکانم .. خۆش بوێت !
من .. وا ڕاهاتبووم ،
لەنێوان هەڵکشان و داکشانی دەریادا ،
تا ئەبەد ئێوارەبم !
لەسەر مێزێکی بێ ئۆقرە
یەك لە دوای یەك ،
پێکی ماچی شەرابی بخۆم و
نەفەس لە خەیاڵی دوکەڵ بدەم !

من .. واڕاهاتبووم ،
بەردەوام .. پرسیارێك بم و پڕبم لە نیشانە !
بەردەوام .. چامەیەك بم و پڕبم لە مێژوو !
بەردەوام .. خەیاڵێك بم پڕبم لە باڵ !
کەچی ئێستا ،
بێ نیشانەترین پرسیار ،
منم .. من !!
بێ مێژووترین چامە ،
منم .. من !!
بێباڵ ترین خەیاڵ
منم .. من !!
منم .. یەکەمین مەخلوق ،
بەبێ خودا ..!
بەبێ ڕێگا..!
بەبێ ڕابردوو ..!

* * * * *

من لەودیو بارانی ئەم کۆڵانەوە
ئەمارەتێکی بێ خەونم و .. نامرم !
کۆمارێکی بی ناوم و .. نامرم !
کیشوەرێکی بێ ئەدرەسم و .. نامرم !
دایکە ..
بەرلە هاتنت ،
هەردوو دەستت پڕپڕکە لە مردن
مستێك مردن ،
بەسە .. بۆ چارەنوسم !
بەسە .. بۆ ئایندەم !
بەسە .. بۆ ڕابردووم !
تۆ .. بەرلەهاتنت ،

سەرپۆشە ڕەش تاڵەییەکەت ،
پڕ پڕکە لە مردن و
ئەوجا وەرە .
دایکە ..
وەرە ناومەوە و
ژوورەکەم پڕپڕکە لە مردن ..!
کاتەکانم پڕپڕکە لە مردن ..!
تابلۆکانم پڕپڕکە لە مردن ..!
وەرە ناومەوە و .
باوەڕم پڕپڕکە لە مردن ..!
کەمانچەکەم پڕپڕکە لە مردن ..!
کتێبەکانم پڕپڕکە لە مردن ..!
وەرە ناومەوە و
پەنجەکانم پڕپڕکە لە مردن ..!
هەنگاوەکانم پڕپڕکە لە مردن ..!
دەمم پڕپڕکە لە مردن ..!
دایکە .. دواجار ،
وەرە ناومەوە و
ئایەتی مردن بە گوێمدا بخوێنە و
تا ئەبەد ناوی سیانیم ،
لێ بنێ :
مــردن !
مـــردن !
مـــــردن !

مانگی (4 و 7/ 2001)
سلێمانی